# چیرۆکی بە زیندانی کردنم بە پلانی وەزیری تەندروستی

د.بەلێن محمدامین

پاش ئەوەی لە 15_3_2007بابەتیکم بلاو کردەوە لە سایتی کوردستانپۆست دا باسی ئەو هەموو رۆتینیات و کەس بەکەس نەبووی کوردستانم کردبوو لە کاتی بەریوەبردنی کاری شاند کردنەکەم دا ,دوو رۆژ دواتر وەزیری تەندروستی یەکسەر تەلەفونی بۆ شوینی کارکردنم کردبوو ,وتبووی ئەوە شاند کردنەکەیم هەلوەشاندەوەو دەبیت یەکسەر دەوام بکات ,وە کیشەیەکی ئیداری بۆ دروست کردم ,وە لەکاتی پەیوەندی کردنی بە شوینی کارکردنمەوە چەندین قسەی ناشیرینی بۆ ناردبووم ,ئیتر پاش ئەو بابەتە تاوەکو گرتنم رۆژانە پەیوەندی بە د.کامەرانەوە دەکردو ئازاری دەرونیمی دەدا بەو حوکمەی کە ئەو دەسەلاتی لە دەستەو منیش بێ دەسەلاتم ,ئیتر ئەم کیشەیە بەردەوام بوو, منیش لەم رۆژانە پەیوەندیم بە د.زریانەوە کردو بۆ ئەوەی پیی بلیم با بە پیی یاسا هەلسوکەوتم لەگەل بکات ( ریکۆردی دەنگیم لەلایە ) بەلام لە جیاتی وەلام قسەی ناشیرینی پی ووتم پاش کەمیك د.کاوە تەلەفونی بۆ کردم (بە ریکۆردی دەنگی لە لام هەیە( لە قسەکانی وادیار بوو هەموو ئەو نوسینانەی کە لەسەر گەندەلی ناو وەزارەتی تەندروستی کراوە تە سەر من وە دەیووت تۆ لە کوردستانپۆست دنیات لیمان پر کردووە ,من زۆر سەیرم بەو جۆرە بییرکردنەوەیە دیت چونکە من تاوەکو ئیستا تەنها ئەو بابەتەی کە لە سەرەوە باسم کرد باسی وەزارەتی تەندروستیم کردووە وە کەسیش بەو شتە نازانم کە بە شاراوەیی لە سەری بنووسم ,وە زۆریشم پی سەیرە کە وا کەسیکی وەکو د.کاوەو د.زریان ئاوا بۆ نوسین بیر دەکەنەوە . کاتیك لەسەر دەزگایەکی وەکو وەزارەت دەنوسریت هەموو وەزیریك دوو ئیجرائات دەکات یەکەمیان فەرمان دەدات بە راگەیاندنی وەزارەتەکەی کە وەلامیکی دروست بداتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لەسەریان نوسراوە دووەمیان دروست کردنی لیژنەیەکی یاسایی بۆ لیکولینەوە لەسەر تۆمەتەکان .من هیچ کام لەم دوو شتەم نەبینیەوە لە ناو وەزارەتی تەندروستی تەنها یەخەگرتنی نوسەران نەبیت .بەهەرحال هەر ئەو شەوە پاش د.کاوە بەرپرسی ئاسایشی تەق تەق دەستی کرد بە نوکە کردن بۆم ,پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت کە ئەوە بەرپرسی ئاسایشی تەق تەقە ئەو نوکانە وادیار بوو دززریان و د.کاوەو د.دارا ئاگاداریان کردبووەوە. زۆر بەزەییم بە خەلکی ئەو شارە هاتەوە کە مرۆفیك ئەوە ئاستی رۆشنبیریەتی و حوکمیان دەکات و ئاسایشیان دەپاریزیت زپاش پەیوەندی پیوە کردنم شوینەکەمی دەست نیشان کرد ,رۆژی دواتر سەیارەیەکی میکزەمینی پر لە ئاسایشی کۆیە چوبونە مالەوە بۆ رفاندنی من بەلام لە مالەوە نەبووم وە لەبەردەم نەخۆشخانەی کۆیە منیان رفاند بۆ ئاسایشی کۆیە لەویشەوە بۆ ئاسایشی گشتی سلیمانی ,پاش چوار رۆژ لە زیندانی و ئەشکەنجەدانی دەروەنی و سوکایەتی پیکردن ,وتیان وا ئازادت دەکەین بەلام لە هەولیر ئازادت دەکەین ,ئەمجارەیان لە ئاسایشی گشتی منیان هێنایە دەرەوە تویتایەکی دەبل چوار ئاسایشی تیادابوو لە ریزی دواوە منیان خستە ناوەراستەوەو ,ووتم باشە ئیوە بە کۆیەدا دەرۆن بۆ هەر لە کویە ئازادم ناکەن ,وتیان نەخیر وە رۆیشتن . ئەوەی کە زۆر دلتەنگی کردم ئەوەبوو کە کاتیك لە سلیمانیەوە هاتین کەمیکمان مابوو بگەینە ناو کۆیە ئینجا کەلەمچەیان خستە دەستمەوە وە لە کۆیەش بە ناوەراستی کۆیە منیان برد چونکە دەیانزانی من دانیشتوی ئەویم و خەلکی دەمناسن وە لە چەند شوینن یك رایان دەگرت بە بیانووی جوراو جور لە ناو بازار وە خەلکی لە دەوری ئەو سەیارەیە کوبوونەوەو کەلەمچەیان لە دەستی من بینی ئاسایشەکانیش بۆ ئەو مەبەستە لەناو بازار رایانگرت .باشە من چ تاوانیکم کردووە ئاوا هەلسوکەوتم لەگەل بکریت .پاشان منیان بردە بنکەی پۆلیسی تەیراوە چونکە گوایا لەوی داوای یاسایی لەسەرمی تۆمار کردبوو بەلام پاش لیکولینەوە لە لایەن دادوەرەوە وە لیدانی ریکوردە دەنگیەکە ی من و وەزیر دادوەر منی ئازاد کرد وسەیریەکە لەوەدایە کاتیك رۆژی پینج شەممە من رفینرابووم وەزیر ئینجا چووبوو داوای لەسەرم تۆمار کردبوو ,وە رۆژی یەکشەممە کاتیك ئازاد کرابووم لە ئاسایش ئینجا نوینەری یاسایی وەزیر چووبو لیکولینەوەی لیوەرگیرابوو, لەوەش سەیرتر بنکەی پولیسی تەیراوە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاسایشی کۆیەوە نەبوو,.. زۆرم پێ سەیرە

تاوەکو ئێستاش کە کەسێك بیست ساڵ لە بەریتانیا ژیابێت و ئەوە بیر کردنەوەی بێت ,چونکە ئەو جۆرە پێشێلکاریە یاساییانە نەك کەسێکی دانیشتووی ئەوروپا نایکات بەڵکو کەسێك هەموو ژیانی لە لادێ بەسەر بردبێت هیچ شاریشی نەدیبێت ئەو جۆرە هەلسوکەوتانە ناکات , لەمەش سەیرتر ئەوەیە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو پاش گەرانەوەم بۆ کۆیە دیسانەوە هەوڵی رفاندنیان دامەوە لە لایەن ئاسایشی کۆیە ئەمەش بۆ ئەوەبوو تا لە ژێر فشاردا داوا یاساییەکەم بکێشمەوە ,دەك ئافەرین وەزیری تەندروستی بەراستی جوان لەگەل یاسا هەلسوکەوت دەکەیت و یاسای ئەوروپامان فێر دەکەیت .